# پێویستیی هاوکاریی و پەروەردەی ئەدەبیی

عەتا نەهایی



بەشێکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی پڕبەهرە و بەرهەمی ئەم سی ساڵەی ئێران، نووسینگە و کارگە و وۆرکشۆپی شیعر، یان چیرۆکیان هەیە و بە مانگانەی دەیان فێرخوازی گەنجی شیعر و چیرۆک، ژیانیان بەڕێوە دەبەن.

خورافەیەکی گەورە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە و لە ئیفلیجیی سیستمی پەروەردە و قوتابخانە و کۆلێژە ئەدەبیی و هونەرییەکانەوە سەری هەڵداوە، ئەوەیە کە داهێنەری ئەدەبیی (شاعیران و نووسەران) پێویستیان بە فێرگە و خوێندکاریی و قوتابییەتی نییە. ئەڵبەت گەلێک بەڵگە و پاساو بۆ ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە هەیە. بۆ نموونە دەگوترێت: داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیی کردەیەکی تاکەکەسییە کە پشتی بە حەز و بەهرە و ئەزموونی شەخسیی و ئاستی ڕۆشنبیریی و مەعریفە و دنیابینی شاعیر و نووسەرەکەی بەستووە، ئەم ئەزموون و ڕۆشنبیرییە فرەڕەهەندەش لە فێرگە و لەبەر دەستی مامۆستایەکی شاعیر یان نووسەر و ئەدیب بە دەست نایەت... یان دەگوترێت: داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیی مۆدێرن و شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخ، داهێنانی جیهانێکی شەخسییە کە مل بە هیچ یاسا و ڕێسا و چوارچێوە و ساختارێکی دیاریکراوی ڕەنگ بۆ ڕژاو نادات و هیچ مامۆستایەک ناتوانێت و بۆی نییە بە ناوی پەروەردە و فێرکاریی، یان تەنانەت بە ناوی پێشنیار کۆڕ و دانیشتنە ئەدەبییە نافەرمیی و ناحکوومییانە بوون کە لە ماڵ و نووسینگەکانی خۆیان بەڕێوەووە، هەر کام لەم کۆڕ و دانیشتنە بەردەوام و حەفتانە، یان مانگانەیە لانیکەم دە پانزە، یان بیست سی شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری دیار و ناوداری لە دەوری یەکتر کۆکردووەتەوە. ئەوان جگە لەباس و خواسی فەرهەنگیی و ئەدەبیی، شیعر و چیرۆک و نووسینەکانی خۆشیان بۆ یەکتر خوێندووەتەوە و بەبێ هیچ جۆرە ڕووگیربوونێک ڕەخنەی توندیان لە یەکتر گرتووە و ئامۆژگاریی یەکتریان کردووە و هەڵە و پەڵەی یەکتریان ڕاست کردووەتەوە. بێگومان ئەمە تەنیا نەریتی شارێکی وەک تاران نەبووە و نییە، لە زۆربەی شارە گەورە و بچووکەکاندا ئەم نەریتە بووە و هەیە. هووشەنگی گوڵشیری کۆچکردوو، کە خۆی یەکێک لە چیرۆکنووسە دیار و ناودارەکانی ئێران و خەڵکی شاری ئەسفەهان بووە، لە چەند گوتار و دیمانەیەدا باسی ئەوە دەکات، کە بە درێژایی ژیانی ئەدەبیی خۆی، بەرلەوە هیچ چیرۆک و ڕۆمانێکی بڵاو بکاتەوە، لە یەکێک لەم کۆڕ و دانیشتنانەدا بۆ هاوڕێ شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرەکانی و تەنانەت بۆ قوتابییەکانیشی خوێندۆتەوە و لەسەر داوا و پێشنیاری ڕەوای ئەوان هەندێک دەسکاری پێویستی کردووە. ئەم نەریتە پەسندە ئەدەبییە لە پاش شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی (1979) و لەم سی ساڵەی دواییشدا، وێڕای داخراوتر بوونی فەزای فەرهەنگیی و ئەدەبیی و گەلێک کێشە و گرفتی قورس کە هاتووەتە سەر ڕێی شاعیران و نووسەران، هەروا بەردەوام و تەنانەت زیاتریش پەرەی سەندووە. وەها کە بەشێکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی پڕ بەهرە و بەرهەمی ئەم سی ساڵەش، کە ئێستا هەر یەکە و بۆ خۆیان و لە ماڵ و نووسینگەی خۆیان کارگە و وۆرکشۆپی شیعر، یان چیرۆکیان هەیە و بە مانگانەی دەیان فێرخوازی گەنجی شیعر و چیرۆک، ژیانیان بەڕێوە دەبەن، خۆیان قوتابیی و چالاکی کارگە و وۆرکشۆپی شیعر و چیرۆکی ناودارانێکی وەک ڕەزا بەراهەنی و هووشەنگ گوڵشیری و جەمال میرسادقی و... بوون و بەبێ پرس و ڕای مامۆستاکانیان و لە هێڵەکدرانی نووسینەکانیان، هیچ بەرهەمێکیان بڵاو نەکردووەتەوە.

عەباس مەعرووفی، نووسەری ناودار، کە چەند چیرۆک و ڕۆمانیشی کراوە بە کوردیی، لە زۆر شوێن گوتوویەتی کە ئێمە (خۆی و هاوڕێ نووسەرەکانی) قوتابیی و دەست پەروەردەی کەسانێکی وەک هووشەنگ گوڵشیری بووین و لە بن پاڵتۆکەی ئەوەوە هاتووینەتە دەر. شەهریار مەندنی پووری چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی پڕبەهرە و بەرهەمی شیرازی، کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی و وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزیی خەڵاتی گەورەیان وەرگرتووە، تا چەند ساڵ پاش مەرگی گوڵشیریش هیچ بەرهەمێکی بڵاو نەدەکردەوە. من، شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر، کاتێک هۆی ئەو بڵاو نەکردنەوەم لێ پرسی، بە تەوازوعێکی پڕ شکۆی داهێنەرانەوە پێی گوتم: «من لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ هیچ بەرهەمێکم بڵاو نەکردووەتەوە، کە پێشتر لە ماڵەوە، یان لە کارگەکەی گوڵشیری نەمخوێندبێتەوە و ڕاوبۆچوونی هاوڕێکانم وەرنەگرتبێت و بە پێی ئامۆژگارییەکانی مامۆستا دەسکاریم نەکردبێت، بەڵام ئێستا، لەوەتی گوڵشیری نەماوە، بەبێ ئامۆژگاریی و ئیجازەی ئەو، جورئەتی بڵاو کردنەوەم نییە». مەندنی پوور، کاتێک ئەوەی بە من دەگوت، کە زۆر خوێنەر و تەنانەت ڕەخنەگریش بەرهەمەکانی ئەویان لە بەرهەمی مامۆستاکەی بەلاوە پەسەندتر بوو.

ئەم ڕۆحییەتی فێرکاریی و فێرخوازییە، و هاوکارییەوە دەست لەو جیهانە داهاتە شەخسییەی وەر بدات... یان دەگوترێت: هەر نووسەر و شاعیرێک بۆی هەیە بەوپەڕی ئازادییەوە بەر بۆ خەیاڵ و ئەندێشە و قەڵەمی شل بکات و تا چاپ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی، گوێ بە پێشنیار و ڕاوبۆچوونی سلبیی و ئیجابیی کەس نەدات... دیارە من گومان لە ڕاستیی بەشێک لەم گوتە و بۆچوونانە ناکەم، بەڵام ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە هەوڵ دەدەم لە درێژەی یاداشتەکەدا باسی بکەم.

لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، ئەگەرچی سیستمی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگە ئەدەبییەکان، دەورێکی ئەوتۆیان لە پەرەسەندنی ئەدەبیی و بەرز کردنەوەی ئاستی توانای داهێنەرانەی شاعیر و نووسەر و پێگەیاندنی خوێنەری جدیی و چالاک و هوشیار نییە، بەڵام خودی شاعیران و نووسەران توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە. بە بڕاوی من یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخی فارسی، گرینگیدانی شاعیران و نووسەران بە پەروەردە و فێرکاریی ئەدەبیی و گوێزانەوەی ئەزموونی شیعریی و داستانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی دیکەیە. پێشتریش گوتوومە کە نیما یووشیجی باوکی شیعری مۆدێرن و نوێی فارسی، زیاتر لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، نووسینی پەروەردەیی و فێرکارانەی لە بارەی چۆنییەتی دارشتنی شیعری خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە. لە پاش نیماش کەم شاعیر و نووسەری جدیی و ناوداری فارس هەیە کە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ئەزموونەکانی کارکردنی لە دوو توێی کتێب و گۆڤارەکاندا، کارگە و وۆرکشۆپێکی شیعریی، یان چیرۆکی بۆ پەروەردەی نەوەیەکی نوێی شاعیر و چیرۆکنووس نەبووبێت. خۆش ئەوەیە کە ئەم مامۆستا شاعیر و نووسەرانە لە هەمان کاتدا کە خاوەنی فێرگە و وۆرکشۆپی شیعر و چیرۆک بوون، خۆشیان ئەندامی چالاکی ئەو کە هاوکات لە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ئێرانیدا هەبووە و هەیە و دەورێکی باڵای لە پێگەیشتن و پێگەیاندنی شاعیران و نووسەرانی فارسدا بینیوە و دەبینێت، بەو مانایە نییە کە هیچ کێشە و گرفت و شەڕ و ناتەباییەک لە مابەینی ئەواندا نەبێت و هەموویان وەک یەک بیر بکەنەوە و وەک یەک بنووسن و دابهێنن. بێگومان فەزای ئەدەبی فارسیش، وەک هەموو فەزایەکی زیندوو و چالاکی ئەدەبیی تر، پڕە لە جیاوازیی بیروڕا و تەنانەت کێشمەکێش و دژایەتی و شەڕ و چەند بەرەکەیی. ئەم جیاوازیی و کێشمەکێش و شەڕ و ناتەباییە لە ئاستی بەرز و لە نێوان دیارترین و بەهرەمەندترین شاعیران و نووسەرانیشدا هەیە و دەبێت لە شوێنی خۆی باسی لێ بکرێت، بەڵام ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە بابەتی ئەم یاداشتە و زەرووڕەت و پێویستیی فێرگە و کۆڕ و کۆبوونەوە و کارگە و وۆرکشۆپی ئەدەبییەوە هەیە، دەبێت بڵێم کە زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرە دیار و ناودارانە کە بڕوایان بە پەروەردە و فێرکاری داهێنانی ئەدەبیی بووە و هەوڵیان بۆ لێکنزیککردنەوەی شاعیران و نووسەران و گوێزانەوەی ئەزموونی داهێنان و بەرەودان بە ڕۆحییەتی پێکەوەیی و قوتابییەتی ئەدەبیی داوە، هەوڵیان بۆ سەپاندنی بیر و باوەڕی خۆیان و فۆڕم و شێوازی کارکردنی ئەدەبیی خۆیان بەسەر هاوڕێ و هاوکار و تەنانەت قوتابییەکانیان نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆرترین خەباتیان بۆ عەینی و بەرهەستکردنەوەی پێویستیی فرەدەنگیی و فرەڕەنگیی و فرەشێوازیی ئەدەبیی کردووە، کە خواست و پەیامی سەرەکی ئەدەبی مۆدێرن و بە تایبەت چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش، ئەوەندە بەسە کە بڵێم بەشێکی زۆر لە هاوڕێ و هاوکار و قوتابییانی کەسانێکی وەک بەراهەنی و گوڵشیری کە ئێستا لە ناودارترین شاعیران و نووسەرانی ئێرانین، زۆرترین جیاوازیی بیر و بۆچوونی فکریی و ئەدەبییان هەیە و هەرکامیان بە شکڵ و شێوازێکی جیاواز لەوانیتر دەنووسن...

بە داخەوە مەجالی کەمی ئەم گۆشەیە، ڕێگەی ئەوەم پێ نادات کە درێژەی باسەکەم بگوێزمەوە بۆ کەش و فەزای ئەدەبی کوردیی، وێڕای قسەکردن لە پێویستیی ئەم جۆرە چالاکییە ئەدەبییە، لە هۆکارەکانی نەبوونی ئەم کەلتوور و نەریتە پەسەند و پێویستە لە ناو فەزای ئەدەبی خۆمان بکۆڵمەوە. هیوادارم لە یاداشتێکی دیکە و گۆشەیەکی دیکەدا ئەم کارە بکەم.

**بەشێکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی پڕ بەهرە و بەرهەمی ئەم سی ساڵەی ئێران، نووسینگە و کارگە و وۆرکشۆپی شیعر، یان چیرۆكیان هەیە و بە مانگانەی دەیان فێرخوازی گەنجی شیعر و چیرۆك، ژیانیان بەڕێوە دەبەن**

**لێرە بەدواوە ئەمە گۆشەیەکی مانگانەی ڕۆماننووس و وەرگێڕ (عەتا نەهایی) دەبێت لەم لاپەڕەیەدا.**



هووشەنگ گوڵشیری لە کارگەی چیرۆکەکەیدا